# تۆ نابێ بنووی

**ئارنۆڵف ئۆڤەرلاند**



**وەرگێر: ئازاد کەریمی**

**پێشەکی**

ئێستا کە خەریکم ئەم پێشەکییە ئەنووسم لە کۆنترین باری دراممێن دا دانیشتووم و هاوکات لەگەڵ نووسین و تایپ کردندا خەریکم چا ئەخۆمەوە.

ئەم شارە پڕە لە یادگارییە ناخۆشەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی و داگیربوون لە سەر دەستی نازییەکانی ئەڵمان بە سەرۆکایەتی هیتلێر و هەروەها شەڕی جیابوونەوە لە سوێد.

نۆروێژ مێژوویێکی دوور و درێژی هەیە لە داگیربوون. پێنسەد ساڵ ژێردەستەی دەنمارک بوو، دواتر سەربەخۆیی ڕاگەیاند و پاشان لەگەڵ سوێد یەکێتییان ڕاگەیاند بەڵام کار گەیشتە ئەوەی دەستەویەخەی یەک بن و بە شەڕ لە یەک جیا ببنەوە.

لەزۆر شوێندا بەردەنووس و تابلۆم بینیوە ناوی خەڵکی پێوەیە و بۆ نموونە نووسراوە لەم شوێنەدا ٦٨ کەس لە خەڵکی ئەم دەڤەرە ڕیز کراون و سەربازە نازییەکان هەموویانی تیرباران کردووە، یان شوێنم بینیوە بەردەنووسی تێدایە و نووسراوە لێرەدا پارتیزانەکان و هێزی هاوپەیمانانی دژ بە هیتلێر ئەم پردەیان بە شەمەنەفەرەکەیەوە تەقاندووەتەوە. یان ئێستاش لە بەرزایی ئەم کێوەدا وا ئەڕوانێ بە سەر ناوشاری دراممێن دا و تەنیا ٦٠٠ یان ٧٠٠ مەتر لەمنەوە دوورە تۆپێکی ئەڵمانی دانراوە و خەڵک ئەچن لە تەنیشتیەوە وێنە ئەگرن. ئەم کێوە بەردە و ئەڵمانیەکان لە ساڵەکانی شەڕی دووهەم دا تونێلێکیان لە ناو ئەم کێوەدا درووست کردووە وا وەک خەفۆی شەیتانۆکە پێچەڵاوپێچە هەتا ئەگاتە لووتکە.

شوێن لە نۆروێژدا نەماوە ئەڵمانی نازی سەنگەر و بنکەی تێدا درووست نەکردبێ.

با ڕێک بڵێم ئێستاش هەندێ بنەماڵە لە شار و شارۆچکە و لادێکانی نۆروێژ هەن کە نازناوی باپیرخائین بە کۆڵیانەوەیە. وەک خۆمان ئەڵێین باپیرەی ئەوانە کاتی نازییەکان هاتوونەتە ئێرە ڕێک بوون بە پیاوی نازییەکان و هاوکاری گێشتاپۆیان کردووە. خۆتان ئەزانن خۆمان بەو جۆرە کەسانە ئەڵێین چی؟

جاش!

جاش کەرکوڕگ واتە کوڕیلەی کەرە و وەک گۆلک و بەرخ و پالاخ و کۆچەک جوانە. بەڵام ئەو کەسانەی ناوی جاشیان بۆ کوردە خایینەکان هەڵبژاردوەە مەبەستیان ئەوە بووە خایین وا خۆی بە داگیرکەر ئەفرۆشی وەک کوڕیلەی کەر وایە وا شوێن دایکی خۆی کەوتووە.

هەرچۆنە بێ مەبەستم ئەوەیە ئەوروپا بێ شەڕ و ئاژاوە نەبووە بەڵام هەندێ جار شەڕەکان لە ئەورووپادا قووڵ ئەبێتەوە... وەک شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی. شەڕی ئەوروپا ژاپۆن و ئەمریکا و چین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی گرتە بەر. هەر بۆیە بە گوێرەی ڕابردوو شەڕی ئەوروپا کە هات زل ببێتەوە ئەبێ پێشی پێبگری و نەهێڵی تەشەنە بکات.

ئێستاش شەڕی ئۆکراین و ڕووسیا دوای دوو ساڵ گەیشتووەتە قۆناغێکی نوێ و مەترسی ئەوە لە هەوێڵدایە ئەم شەڕە بکەوێتە باڵتیک و سکاندیناڤیا وپۆڵەندەوە و ئەگەر شتی وا ڕوودا خوا ئەزانێ چیمان بەسەردا دێ، لەبەر ئەوەی دوێنێ و پێر بۆ دووهەم جار لەم چەند مانگەی دواییدا دیکتاتۆری ڕووسیا هەڕەشەی بۆمبی ئەتۆمی لە ئەوروپا کرد. هەروەها وەرگرتنی داوانامەی سوێد و فینلاند لە لایەن ئەندامانی ناتۆوە و ئەندامەتی ئەم دوو وڵاتە لە ناتۆدا ئەوەندەی دیکە پوتین ی تووڕە کردووە.

بە چەند هۆکار ڤلادیمیر پوتین تووڕەیە چونکە پێیوانەبوو ئۆکراینیەکان ئاوا شێلگیرانە بەرگری لە خۆیان بکەن و ئەرتەشی ڕوسیا بوەستێنن. هەروەها پێیوانەبوو ئەڵمان و بریتانیا و ئەمریکا و فەڕەنسا بە دڵگەرمیەوە پشتگری لە ئۆکراین بکەن.

پێی چین و ئێران هاتووەتە ناو بابەتەکەوە. ئەوان خەریکی ناردنی یارمەتی لۆجێستیکی جەنگی و درۆن و موشەکن بۆ ڕوسیا و ئەمەش پوتین ی خستوەتە سەر هەوا بۆ ئەوەی درێژە بە شەر بدا.

لە ڕاستی دا مەبەستی ڤلادیمیر پوتین بێجگە لەوەی شوێن هەوای سەری خۆی کەوتووە هیچی تر نیە. تەنانەت خەڵکی وڵاتی ڕوسیا لە کاتی هێرشی ئەرتەشی ڕوسیا بۆ سەر ئوکراین هاتنە سەر شەقام و لە بیرمە نزیکەی بیست هەزار کەس لە خەڵکی دژبەری شەڕ وا هاتبوونە سەر شەقام بۆ دەربڕینی پەژارەی خۆیان سەبارەت بەم شەڕە نوییە و هاوخەمی لەگەڵ ئۆکراینیەکان خرانە زیندانەوە.

با ڕێک و ڕاست پێتان بڵێم کێشەکە کەسایەتی لووتبەرزی پۆتین ە ئەینا وڵاتپەرستی و وڵاتپارێزی ئەرکی هەموو سەرۆک و سەردار و ڕێبەرێکە بەڵام ئەگەر تۆ بە کەیفی خۆت هێز دژ بە خەڵکی خۆت و خەڵکی وڵاتی تر بخەیتە کار ئەوە دیارە تۆ مەبەستت دەروونی و تاکەکەسییە.

ئەوەتا مەلاییکی دیوانەی لە ئێران کردووە بە خوداوە بە سەر ئەو خەڵکەدا. کار گەییشتوەتە ئەوەی ماوەیەک پێش ئێستا عەلی خامنەیی دیکتاتۆری ئێران بە تێرادیوی هاتە بەر دووربین و کوتی من بیست ساڵ پێش ئێستا قسەم لەگەڵ قاسم سلێمانی ئەکرد لە پڕدا شتێکی وام بەسەر هات کە سەیر بوو لە پڕ زانیم من دەم و زمان ئەسووڕێنم و خودا خەریکە لە دەم منەوە قسە ئەکات.

مەنسوور هەلاج ی ڕەبەن ئەوەیشی نەووت بە تاوانی بێخودایی و خودایی کردن بە شێوازێکی زۆر دژوار و بێبەزەییانە کوشتیان!

ئەو خەڵکە گیرۆدەی کەسێکی وەهان ئێستاش.... جا با ئەوەش بڵێم بۆچی عەلی خامنەیی تووشی "بەخودا بوون" بووە. ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ بابەتێک وا دەزگای هەواڵگری ئێرانی ئەو قسەی خستە دەم ئەو دیکتاتۆرەوە... دڵنیابن ئەو بابەتە ئەگەڕێتەوە بۆ قسەدزینەوەی دەزگای هەواڵگری ئێران لە ڕێگەی تەلەفوونەوە!

ئەوسا!

هەموو ئەمانەم نووسی بۆ ئەوەی بڵێم ئەمانە هەمووی پەیوەندی بەم شێعرەوە هەیە وا لە نۆروێژییەوە وەرم گێڕاوەتەوە بۆ زمانی کوردی سۆرانی.

ئەم هەڵبەستەم چەند ڕۆژ پێش ئێستا لە فەیسبووکەکەمدا بڵاو کردەوە. لە ڕاستیدا هایدی خانمە هەڵبەستوانێکی گەنجی نۆروێژی ئەم شێعرەی پێدام بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە و هەڵبەستوانەکەی بناسم.

ئەم هەڵبەستە هی شاعێری گەورەی نۆروێژی ئارنولف ئۆڤەرلاندە و لە ژێر ئەم ناونیشانەدا بڵاو کراوەتەوە:

Arnulf Øverland, «Den Røde Front», Oslo 1937 .

کاتێ هەڵبەستەکەم خوێندەوە سەرم سووڕ ما، کەوتمەوە بیری گاردی سیڤیل ی فێدێریکۆ گارسیا لۆرکا... لەو هەڵبەستەدا لۆرکا پێشبینی هاتنی فاشیسم بۆ ئیسپانیا ئەکات و ترس و دڵەڕاوکێی خۆی دەردەبڕێ سەبارەت بە هاتنی فرانکۆ و فاشیسم و خنکاندنی ئازادی لە ئیسپانیا.

هەر لەو گل و خولەدا ئارنولف ئۆڤەرلاند هەڵبەستوانی بەناوبانگی نۆروێژی ئەم پارچە شێعرە ناوازە سەبارەت بە فاشیسمی هیتلێر و پەلهاوێژی نازیسمی ئەڵمان بۆ ئەورووپا ئەنووسێ و هاوار ئەکا: فریای ئەورووپا کەون! هیتلێر هەمووومان پاکتاو ئەکات.

بەداخەوە کەس هاوارەکەی ئارنولف ئۆڤەرلاندی نەبیست و ئەوە قەوما وا بینیمان لە نێوان ١٩٣٩وە هەتا ١٩٤٥ هیتلێر و ئەرتەشی نازیەکانی ئەڵمان چییان بەسەر ئەوروپادا هێنا و نۆروێژ یەکێ لەو وڵاتانە بوو وا کەوتە بەر پەلاماری هیتلێر. تەنانەت وای لێهات ئەرتەشی نازی لە باکووری نۆروێژ دەستی کرد بە بەڕێوەبردنی پرۆژەی بۆمبی ئەتۆم، بەڵام پارتیزانە نۆروێژیەکان ئەو کارگەیان تەقاندەوە.

هەروەک لۆرکا و ئۆڤەرلاند هاواریان لێهەستا سەبارەت بە بەهێزبوونی فاشیسم و نەژادپەرستی پەلهاوێژ لە ئیسپانیا و ئەڵمانیا من لە ساڵی ٢٠٢٠وە هاوارم کردووە سەبارەت بە بەهێزبوونی فاشیسمی پەلهاوێژ لە ڕووسیا بە سەرۆکایەتی ڤلادیمیر پوتین.

پوتین بێ باکە لە کوشتنی دژبەرەکانی، ئەوەتا دوو مانگ پێش ئێستا ئالێکسی ناڤالنی لە زینداندا کوشت.

هەموو کەس ئەزانێ ناڤالنی بە بڕیاری دیکتاتۆری کرێملین کوژرا. ئەوەش لە ترسی ئەو کابراوە دێ. بەڵگەم بۆ ئەوەش هەیە، دوێنێ لە ڤیلینیوس پایتەختی لیتوانیا بە چەکوچ هێرشیان کردوەتە سەر لیونید ڤۆلکۆڤ هاوکاری دەستەڕاستی ناڤالنی و برینداریان کردووە و سەرو چاویان هێناوەتە خوارەوە و دەستیان شکاندووە.

دیسان یەک شت ئەخەمە ڕوو کە خوێندنەوەی ئەم هەڵبەستەی بەڕێز ئارنول ئۆڤەرلاند، ڤلادیمیر پوتینی هێنایە بیرم.

زۆر سەیرە ئەوروپای ئێستا ڕێک هەر وەک ساڵی ١٩٣٨ و ١٩٣٩ وایە. شەڕی ئوکراین و روسیا گرانیی لێکەوتەوە بۆ ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەتایبەت نان و گەنم گران بوون.

ئەوروپا زۆری هەوڵ دا لەگەڵ پوتین کۆتا بێ بەڵام وادیارە دیکتاتۆری کرێملین نایەوێ پاشگەز بێ لە داگیرکاری و سەرەڕۆیی. نامەوێ بابەتەکە زۆر ببەم بە لای پوتین دا بەڵام ئەوەی لەم هەڵبەستەدا زۆر سەرنجڕاکێش و هەستپێکراو بوو بۆ من، کەش و هەوای مەرگاوی و تۆقێنەری ئەم هەڵبەستەیە...

ئەڵێی باسی زیندانەکانی ئێستای ئێران ئەکا... پڕە لە دڵەڕاوکێ و بێ هیوایی و هەستە مەرگاوییەکان.

لەم هەڵبەستەدا مرۆڤ هەست ئەکا لە نێوان زەوی و ئاسماندا هەڵواسراوە... ئەڵێی تۆ و چارەنووس وەک دوو کەڵەکێوی بەهێز وان وا شاختان ئاڵاوەتە یەک و لەیەک نابێتەوە و دەبێ گورگێ، ورچێ، کەمتیارێ، شێرێ بێت و یەکتان هەڵدڕێ و چاوت تێوە بێ چۆن جەرگ و دڵ و ڕیخۆڵەکانی دەردێنێ و ئەیخوا و تۆ بە خۆشحاڵی و ترسەوە سەیری ئەم دیمەنە بکەیت و چرکەکان ببژێری بۆ ئەوەی دڕندەکە لێبێتەوە و بڕوا و تۆش سەروشاخی دوژمنەکەت بە ملتەوە بێ و غاربدەی بە شاخ و داخدا و ئەمجار سەری شۆڕەوە بووی دوژمنەکەت وا بە شاختەوەیە بکوتی بە دار و بەردا تاکوو بشکێ و ئەو شاخەشکاوە هی تۆ بێ یان ئەو پاشماوەی سەر و گوێلاکە هی ئەوی دیکە بێ، لە کۆڵت ببێتەوە و ڕزگار بێ.

بەڵام ئەمە ئەزموونێکی زۆر ناخۆشە.

کە سەرنج ئەدەیتە هەڵبەستەکە قافیەی هەیە و زۆر جوانن قافیەکان. ئەم هەڵبەستە زۆر بەناوبانگە و نەکراوەتەوە بە کوردی. من ئەم کارەم کرد. هیوادارم وێژەوانانی کورد دەست بدەنە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی دیکەی ئەم پیاوە بەڕێزە.

بڕیارم دا دەقی ئینگلیزی ئەم هەڵبەستە وا وێژەوانێکی نۆروێژی بە نێوی "لارش-تورالف ستورستراند" لە نۆروێژییەوە هەڵیگێڕاوەتەوە سەر ئینگلیزی هاوپێچ لەگەڵ ئەم پێشەکییە وا خۆم نووسیومە و کردوومە بە ئینگلیزی لەم بابەتەدا بڵاو بکەمەوە.

لەکۆتاییدا دووبارەی یەک قسەی خۆم ئەکەمەوە وا لە ووتوویژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی دێرینی نۆروێژی یوهان بێهرێنتز ئاپریلی ٢٠١٨ لەگۆڤاری سونمۆرشپۆستن کردوومە و ووتم: پێنووس مەترسیدارترە لە تفەنگ بۆ دیکتاتۆر.

چەند ڕۆژ پێش ئێستا لە فەیسبوکدا شێعرێکی چەند دێڕیی خۆمم لەگەڵ دوو وێنەی برادەرێکی ئوکراینیم بڵاو کردەوە، هەر بڵاو کرایەوە دوای یەک دوو خولەک فەیسبووکەکەم لەلایەن سایبرە ڕووسەکانەوە هەک کرا... هەروەها دوو ڕۆژ لاپەڕەکەم لە فەیسبووک تووشی کێشە هات. وای لێهات فەیسبووک ئەدمینستر پەیامی بۆ ناردم و نووسیبووی زانیاریەکانی ناو فەیسبووکەکەت هەک کراوە هەر بۆیە دەبێ لە نوێیوە درووستی بکەینەوە.

بەڵێ وایە! کە دەمت داناخەیت و دیکتاتۆر ئەکوتی ئەویش ئەتۆقێ و دژ بە تۆ ئەجووڵێ...

با بیکات! ئێمەیش کاری خۆمان ئەکەین... مرۆڤ جارێک دێتە دنیاوە و باش وایە بە جوامێری بژی و بە سەربەرزی بمرێ... بەڵام ستەمکار دەدۆڕێ ... ئەمە ڕاستیەکی ڕاشکاوە!

١٤-مارچ-٢٠٢٤

# سەبارەت بە ئارنولف ئۆڤەرلاند



ئۆلە پیتەر ئارنولف ئۆڤەرلاند Ole Peter Arnulf Øverland ، نووسەر، شاعیر، ڕەخنەگر و داکۆکیکاری زمانی نەتەوەیی نۆروێژی لە ٢٧ی ئاپریل ی ١٨٨٩ لە شاری کریستیانسوند لەدایک بووە و لە ٢٥ی مارچ ی ١٩٦٨ لە ئۆسلۆ کۆچی دوایی کردووە .

ئارنولف ئۆڤەرلاند لە شاری کریستیانسوند لە باکووری ڕۆژاوای نۆروێژ لە بنەماڵەیەکی بورژووا لە دایک بووە و لە شاری بێرگن گەورە بووە. لە ساڵی ١٩٠٤ لەگەڵ دایک و باوکی و دوو براکەی ڕوویان لە شاری کریستیانیا(ئۆسلۆ) کرد. دوای دوو ساڵ باوکیان کۆچی دوایی کرد. ئۆڤەرلاند لە ساڵی ١٩١١ نەخۆشینی سیل ی گرت، و لە نەخۆشخانەی یۆسێگاردن لە کۆنگسڤینگەر خەواندیان.

هەر لەو ساڵەدا یەکەم جار وەک نووسەر بە کۆمەڵە شیعرەکەی بۆنەی تەریک دەرکەوت.

لە ساڵانی نێوان جەنگەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا بوو بە ناوەندی بازنەی شاعێرە کۆمۆنیستەکانی نۆرویژ، بەتایبەتی لە گۆڤاری کۆمۆنیستی Mot Dag.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٠دا وازی لە هەڵوێستە کۆمۆنیستیەکانی هێنا، ئەمەش بەهۆی سیاسەتەکانی جۆزێف ستالینەوە بوو لە یەکێتی سۆڤیەتدا.

ئۆڤەرلاند سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی نۆرویژی بووە لە ساڵی ١٩٢٣، و سەرۆکی کۆمەڵەی نووسەران بووە لە ساڵانی ١٩٢٣-١٩٢٨.

لە ساڵی ١٩٤٥ دەبێتە ئەندامی **افتخاری** کۆمەڵەی نووسەران.

ئارنولف ئۆڤەرلاند ساڵی ١٩٣٣ دوای ئەوەی وتارێکی دژ بە ئایینی مەسیح پێشکەش کرد لە لایەن کلیسای ئۆرتودۆکسی پرۆتێستان لوتیریەنی نۆرویژەوە سکاڵای لێ بەرز کرایەوە و تۆمەتی بێڕێزی کردن بە خودا درایە پاڵی و دادگایی کرا. ئەو دوایین کەسە لە نۆرویژ بەم تۆمەتە دادگایی کراوە.

ئۆڤەرلاند بێباکانە ڕەخنەی لە نازیسم دەگرت. لە ساڵی ١٩٣٦دا هەڵبەستی "نابێ بنووی" نووسی، کە لە گۆڤاری هاوچەرخ (Samtiden) چاپکرا وا بەم شێوەیە کۆتایی دێت:

"بیرم کردەوە: ئێستا شتێک ڕوودەدات." / سەردەمی ئێمە کۆتایی هات - ئەوروپا دەسوتێت». بەشێکی ناسراوی شیعرەکە دەڵێت: "نابێت ئەوەندە بە دڵەوە بەرگە بگریت / ئەو نادادپەروەرییەی کە کاریگەری لەسەر تو نییە"!

لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا لەو سەردەمەدا وا ئەڵمانی نازیست نۆرویژی داگیر کردبوو، کۆمەڵێک شێعری "ئەدەبیاتی بەرخۆدان"ی بەناوبانگی نووسیوە. لە ساڵی ١٩٤١دا لەگەڵ "مارگرێتێ ئاموت" دەستگیرکران لەکاتێکدا نووسراوەی دژە داگیرکەرانیان چاپ ئەکرد لە خانووی ژمارە ١٩ ی کۆڵانی "مۆڵەرگاتا" لە گەڕەکی "گرینی" ناوچەی لە "ساکسنهاوزن" دا نقێمگیر ببوون، بەڵام هەردووکیان قوتار بوون.

ئۆڤەرلاند یەکێک بوو لە نوێنەرانی نۆرویژ لە کۆنگرەی لاهای لە ساڵی دا١٩٤٨، کە بناغەکانی "ڕێکەوتننامەی ئەوروپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ" و "بزووتنەوەی ئەوروپا" و "ئەنجومەنی ئەوروپا" و "کۆلێژی ئەوروپا" بنیات نا. ساڵی دواتر یەکێ لە دامەزرێنەرانی "بزووتنەوەی ئەوروپایی" بوو لە نۆرویژ.

دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئۆڤەرلاند ڕۆڵێکی بەرچاوی لە مشتومڕەکانی سەبارەت بە زمانی نۆرویژیدا هەبوو. لە ساڵی ١٩٤٧وە تا ١٩٥٦ سەرۆکی Riksmålsforbundet بووە و لە ساڵانی ١٩٥٢-١٩٥٣ سەرۆکی کۆمەڵەی نووسەران بووە لە ساڵی ١٩٥٢.

کۆمەڵەی Riksmålsforbundet، کۆمەڵەی پاراستنی ستانداردی نەریتە نۆرویژییەکانە و لەلایەن بیۆرنستیرن بیۆرنسن (Bjørnstjerne Bjørnson) کە دواتر خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ بوو لە ٧ی نیسانی ١٩٠٧دا دامەزراوە.

ئارنولف ئۆڤەرلاند لایەنگری شیعری کلاسیک بووە، لە چەندین بۆنەدا ڕەخنەی لە شیعری مۆدێرن گرتووە. ئەو بەردەوام نەریتخواز بووە، بەڵام بە تایبەتی بە دەستپێکردنی "مشتومڕی زمانەوانی" لە ساڵانی ١٩٥٠دا ناسراوە. مشتومڕەکە بە وتارەکەی ئۆڤەرلاند "Tungetale fra parnasset" سەریهەڵدا، کە لە ساڵی ١٩٥٤ لە ڕۆژنامەیArbeiderbladet دا بڵاوکراوەتەوە.

ئۆڤەرلاند لە ساڵی ١٩٤٥دا Margrete Aamotی خوازتووە.

ئۆڤەرلاند مووچەی هونەرمەندەکانی دەوڵەتی لە ساڵی ١٩٣٨وە وەرگرتووە، و لە ساڵی ١٩٤٦ وە تا ساڵی ١٩٦٨ واتە ساڵی مردنی لە گرۆتتەن ژیاوە.

هەڵبەست:

١٩٦٥ - خولەکەکانی ژیان

١٩٦٢ - لەسەر چیای نابۆ

١٩٦٠ – ددانی جگەرەکێش

١٩٥٦ - شمشێری پشت دەرگا

١٩٤٧ – ماسیگرەکە و هەناوی

١٩٤٦ - گەڕانەوە بۆ ژیان

١٩٤٥ - ئێمە لە هەموو شتێک ڕزگارمان دەبێت!

١٩٤٠ - وشە شێلگیرەکان بۆ گەلی نۆروێژ

١٩٣٧ - بەرەی سوور

١٩٣٦ - نابێ بنووی! (بەشێک لە کۆمەڵە شێعری بەرەی سوور - ١٩٣٧)

١٩٣٤ - شانشین هی تۆیە

١٩٣٤ - جادووت دەکەم

١٩٢٩ – تۆمارە ماڵییەکان

١٩٢٧ – هەوارە شینە

١٩١٩ - نان و مەی

١٩١٥ - دەرکەوتن

١٩١٢ - سەد ڤیۆلین

١٩١١ – بۆنەی تەریک

# تۆ نابێ بنووی



شەوێک لە خەوێکی سەیر داچڵەکام

وەک ورتەیەک وابوو لەگەڵم ئەدوا

دوور بوو وەک خوڕەی ئاوێکی ژێر زەوی

و لێی ڕاست هاتم: چیت ئەوێ؟

-نابێ بنووی ! نابێ بنووی!

نابێ پێتوابێ خەوێکە و دەیبینی

دوێنێ دایانڕزاندم

دوێنێ شەو کۆڵەکەیان لە حەوشەدا چەقاند

سبەی کاتژمێر پێنج دەمبەن!

گشت ژێرخانەکانی ئێرە پڕن

و سەربازگەکان زاخرخانیان لە تەنیشت ژێرخانەکاندا هەیە

ئێمە لە بەندیخانە سارده بەردینەکاندا ڕائەکشێین و چاوەڕێ ئەکەین
ئێمە لە کەندە تاریکەکاندا ڕائەکشێین و ئەڕزێین

تەنانەت نازانین چاوەڕێی چین
و تۆبڵێی ئەوەی وا هەڵیئەبژێرن ئەشێ کێ بێ
ئێمە ئەناڵێنین و هاوار ئەکەین- بەڵام ئاگاتان لە دەنگمانە؟
ئا بڵێی نەتوانن کارێ بکەن؟

کەس ناتوانێ بمانبینێ
کەس نازانێ چیمان بەسەردێ
بگرە زیاتر:
کەس ناتوانێ بڕوا بەوە بکات وا ڕۆژانە لێرە ڕوو دەدات
خۆی لە خۆیدا ناتوانێ وا بێ
مرۆڤەکان ناتوانن ئەوەندە خراپ بن
ئاخۆ باشیان تێدا هەیە؟
براله! ماویەتی هێشتا هەموو شت فێر بی!

ووتیان: ئەگەر پێویست بێ دەبێ گیانیشت بدەی
و ئێستا ئێمە داومانە- لەخۆڕا لەخۆڕا!
جیهان ئێمەی لە بیردا نەماوە! ئێمە فریومان خوارد
ئەمشەو نابێ چیتر بنووی!

ئێوە نابێ بچنە لای بازرگانان
و بەوەی قازانج و خەسار ئەدا تێرامێنە
نابێ کێڵگە و کەڵەگا تاوانبار بکەن
و ئەوە کە نابێ ئێوە زۆرتر لە پێویست لێی هەڵبگرن
ئەنگۆ نابێ بە بێخەم لە ماڵەوەدا پاڵ بدەنەوە

و بڵێن: خەمبارە داماوینە!
نابێ لەوە زیاتر ددان بەخۆدا بگرن
هەڵەیێکە وا کاری بە تۆ نیە
بە ئەوپەڕی هەناسەوە ئەقیڕێنم
ئێوە بۆتان نیە بڕۆن بۆ ئەوێ و لە بیری بکەن.

لەوانە خۆش مەبە! ئەوانە چاک ئەزانن خەریکی چین!
هەناسەی ئەوانە بڵێسەی ڕق و پیسی پێوەیە
ئەوانە حەزیان لە کوشتنە، ئەوانە کەیفیان بە شین و ڕۆ دێ!
ئەوانە ئەیانەوێ دنیای ئێمە لە ئاگردا ببینن
ئەیانەوێ هەموومان لە خوێندا بخنکێنن!
ئەنگۆ وا بیر ناکەنەوە؟ خۆ ئەزانی!

ئێوە ئەزانن منداڵە خوێندکار سەربازە
وا بە سرودەوە لە گۆڕەپان و شەقامەکاندا ئاپۆڕە ئەدەن
و ڕووشەهەڵاتوو بە خەیانەتی خۆپارێزانەی دایکانەوە
بەرگری لە وڵاتەکەی ئەکات و تێوە ئەچیت

ئەنگۆ ئەناسنەوە خەڵک گەوجاندنی چەپەڵ
بە قارەمانی و بە ورە و شەرەفەوە
تۆ ئەزانی کە قارەمان، ئەو منداڵە دەبێ!
تۆ ئەزانی ئەیەوێ شیر و ئاڵا ڕاوەشێنێ

و پاشان ئەچێتە نێو کۆخێکی پۆڵاییینەوە

و دیسانەوە لە گوڵدانێکی تەلخارەوە ١ شۆڕیان کەنەوە!
وپرتووکاو بۆ نەژادی ئاریایی هیتلێر!
ئەزانی مەبەست و ئامانجی مرۆڤە ئەوەیە!

تێنەگەییشتبووم ئیتر زۆر درەنگە
دادوەریی من ڕەوایە، سزادانی من شیاو بوو
من بڕوام بە پێشکەوتن بوو، بڕوام بە ئاشتی بوو!
لە کار، یەکگرتن، لە خۆشویستن
بەڵام ئەوەی وا نایەوێ لە مێگەلدا بمرێ
با بخزێتە نێو جەرگەی جەلادەوە!
من لە تاریکاییدا هاوار ئەکەم- هۆ! ئاگات لێمە
تەنیا یەک کار هەیە:
وریا بە، بەڵام دەستت ئازادە!
لاوەکانتان ڕزگار کەن! ئەوروپا لە ئاگردایە!
لە سەرمادا ئەلەرزام، چەند کراسم لەبەر کرد
دەرەوە ئاسمان ئەستێرەباران بوو
هەر ڕەگەیەک بوو لە ئاسۆدا ئەبوو بە دووکەڵ
مژدەی هەمان دەنگی خەیاڵاوی دا :
ڕۆژێکی سەرووتر لە لێوارەی زەوی
بە تەڵەزمێکی خوێن و ئاگرەوە گوڵی کرد
بە دڵەڕاوکێوە هەناسکە بڕکیی بوو و هەنگاوی هەڵئەگرت
وەک ئەوەی ئەستێرەکان سەرما بردوونی

بیرم کردەوە: ئێستا شتێک دادەکەوێ-.
کاتی ئێمە دوایی هاتووە- ئەوروپا لە ئاگردایە!

# (Du må ikke søve)

تۆ نابێ بنووی



Arnulf Øverland

Jeg våknet en natt av en underlig drøm
det var som en stemme talte til meg
fjern som en underjordisk strøm-
og jeg reiste meg opp: Hva er det du vil meg?

**شەوێک لە خەوێکی سەیر داچڵەکام**
**وەک ورتەیەک وابوو لەگەڵم ئەدوا**
**دوور بوو وەک خوڕەی ئاوێکی ژێر زەوی**
**و لێی ڕاست هاتم: چیت ئەوێ؟**

**و لێی ڕاست هاتم: چیت ئەوێ؟**

– Du må ikke sove! Du må ikke sove.

Du må ikke tro at du bare har drømt

I går ble jeg dømt

I natt reiste de skafottet i gården

De henter meg klokken fem i morgen

**- نابێ بنووی ! نابێ بنووی!**

**نابێ پێتوابێ خەوێکە و دەیبینی**

**دوێنێ دایانڕزاندم**

**دوێنێ شەو کۆڵەکەیان لە حەوشەدا هەڵدا**

**سبەی کاتژمێر پێنج دەمبەن!**

Hele kjelleren her er full

og alle kaserner har kjeller ved kjeller

Vi ligger og venter i stenkalde celler

Vi ligger og råtner i mørke hull!

**گشت ژێرخانەکانی ئێرە پڕن**

**و سەربازگەکان زاخرخانیان لە تەنیشت ژێرخانەکاندا هەیە**

**ئێمە لە بەندیخانە ساردە بەردینەکاندا ڕائەکشێین و چاوەڕێ ئەکەین**

**ئێمە لە کەندە تاریکەکاندا ڕائەکشێین و ئەڕزێین**

Vi vet ikke selv hva vi ligger og venter

og hvem der kan bli den neste de henter

Vi stønner vi skriker – men kan dere høre?
Kan dere absolutt ingen ting gjøre?

**تەنانەت نازانین چاوەڕێی چین**
**و تۆبڵێی ئەوەی وا هەڵیئەبژێرن ئەشێ کێ بێ**
**ئێمە ئەناڵێنین و هاوار ئەکەین۔ بەڵام ئاگاتان لە دەنگمانە؟**
**ئا بڵێی نەتوانن کارێ بکەن؟**

Ingen får se oss
Ingen får vite hva der skal skje oss
Ennu mer:
Ingen kan tro hva her daglig skjer
Du mener det kan ikke være sant
så onde kan da ikke mennesker være
Der fins da vel skikkelige folk i blant?
Bror, du har ennu meget å lære!

**کەس ناتوانێ بمانبینێ**
**کەس نازانێ چیمان بەسەردێ**
**بگرە زیاتر:**
**کەس ناتوانێ بڕوا بەوە بکات وا ڕۆژانە لێرە ڕوو دەدات**
**خۆی لە خۆیدا ناتوانێ وا بێ**
**مرۆڤەکان ناتوانن ئەوەندە خراپ بن**
**ئاخۆ باشیان تێدا هەیە؟**
**براله! ماویەتی هێشتا هەموو شت فێر بی!**

Man sa: Du skal gi ditt liv om det kreves

Og nu har vi gitt det – forgjeves, forgjeves
Verden har glemt oss! Vi er bedratt!
Du må ikke sove mer i natt!

**ووتیان: ئەگەر پێویست بێ دەبێ گیانیشت بدەی**
**و ئێستا ئێمە داومانە- لەخۆڕا لەخۆڕا!**
**جیهان ئێمەی لە بیردا نەماوە! ئێمە فریومان خوارد**
**ئەمشەو نابێ چیتر بنووی!**

Du må ikke gå til ditt kjøpmannskap
og tenke på hva der gir vinning og tap!
Du må ikke skylde på åker og fe
og at du har mer enn nok med det!
Du må ikke sitte trygt i ditt hjem
og si: Det er sørgelig, stakkars dem!
Du må ikke tåle så inderlig vel
den urett som ikke rammer deg selv!
Jeg roper med siste pust av min stemme
Du har ikke lov å gå der og glemme!

**ئێوە نابێ بچنە لای بازرگانان**
**و بەوەی قازانج و خەسار ئەدا تێرامێنە**
**نابێ کێڵگە و کەڵەگا تاوانبار بکەن**
**و ئەوە کە نابێ ئێوە زۆرتر لە پێویست لێی هەڵبگرن**
**ئەنگۆ نابێ بە بێخەم لە ماڵەوەدا پاڵ بدەنەوە**
**و بڵێن: خەمبارە داماوینە!**
**نابێ لەوە زیاتر ددان بەخۆدا بگرن**

هەڵەیێکە وا کاری بە تۆ نیە

بە ئەوپەڕی هەناسەوە ئەقیڕێنم

ئێوە بۆتان نیە بڕۆن بۆ ئەوێ و لە بیری بکەن.

Tilgi dem ikke, de vet hva de gjør!

De puster på hatets og ondskapens glør!

De liker å drepe, de frydes ved jammer,

de ønsker å se vår verden i flammer!

De ønsker å drukne oss alle i blod!

Tror du det ikke? Du vet det jo!

لەوانە خۆش مەبە! ئەوانە چاک ئەزانن خەریکی چین!

هەناسەی ئەوانە بڵێسەی ڕق و پیسی پێوەیە

ئەوانە حەزیان لە کوشتنە، ئەوانە کەیفیان بە شین و ڕۆ دێ!

ئەوانە ئەیانەوێ دنیای ئێمە لە ئاگردا ببینن

ئەیانەوێ هەموومان لە خوێندا بخنکێنن!

ئەنگۆ وا بیر ناکەنەوە؟ خۆ ئەزانی!

Du vet jo at skolebarn er soldater

som stimer med sang over torg og gater

og oppglødd av mødrenes fromme svik

vil verge sitt land og gå i krig

ئێوە ئەزانن منداڵە خوێندکار سەربازە

وا بە سرودەوە لە گۆڕەپان و شەقامەکاندا ئاپۆڕە ئەدەن

و ڕووشهەڵاتوو بە خەیانەتی خۆپارێزانەی دایکانەوە

بەرگری لە وڵاتەکەی ئەکات و تێوە ئەچیت

Du kjenner det nedrige folkebedrag
med heltemot og med tro og ære-
du vet at en helt, det vil barnet være,
du vet han vil vifte med sabel og flagg!

ئەنگۆ ئەناسنەوە خەڵک گەوجاندنی چەپەڵ
بە قارەمانی و بە ورە و شەرەفەوە
تۆ ئەزانی کە قارەمان، ئەو منداڵە دەبێ!
تۆ ئەزانی ئەیەوێ شیر و ئاڵا ڕاوەشێنێ

Og så skal han ut i en skur av stål
og henge igjen i en piggtrådvase
og råtne for Hitlers ariske rase!
Du vet det er menneskets mening og mål!

و پاشان ئەچێتە نێو کۆخێکی پۆڵاییینەوە
و دیسانەوە لە گوڵدانێکی تەلخارەوە [١] شۆڕیان کەنەوە!
وپرتووکاو بۆ نەژادی ئاریایی هیتلێر!
ئەزانی مەبەست و ئامانجی مرۆڤە ئەوەیە!

Jeg skjønte det ikke. Nu er det for sent.
Min dom er rettferdig. Min straff er fortjent
Jeg trodde på fremgang, jeg trodde på fred
på arbeid, på samhold, på kjærlighet!
Men den som ikke vil dø i en flokk

får prøve alene, på bøddelens blokk!

**تێنەگەییشتبووم ئیتر زۆر درەنگە**

**دادوەریی من ڕەوایە، سزادانی من شیاو بوو**

**من بڕوام بە پێشکەوتن بوو، بڕوام بە ئاشتی بوو!**

**لە کار، یەکگرتن، لە خۆشویستن**

**بەڵام ئەوەی وا نایەوێ لە مێگەلدا بمرێ**

**با بخزێتە نێو جەرگەی جەلادەوە!**

Jeg roper i mørket- å, kunne du høre

Det er en eneste ting å gjøre:

Verg deg, men du har frie hender!

Frels dine barn! Europa brenner!

**من لە تاریکاییدا هاوار ئەکەم- هۆ! ئاگات لێمە**

**تەنیا یەک کار هەیە:**

**وریا بە، بەڵام دەستت ئازادە!**

**لاوەکانتان ڕزگار کەن! ئەوروپا لە ئاگردایە!**

Jeg skaket av frost. Jeg fikk på meg klær

Ute var glitrende stjernevær

Bare en ulmende stripe i øst

varslet det samme som drømmens røst:

**لە سەرمادا ئەلەرزام، چەند کراسم لەبەر کرد**

**دەرەوە ئاسمان ئەستێرەباران بوو**

**هەر ڕەگەیەک بوو لە ئاسۆدا ئەبوو بە دووکەڵ**

**مژدەی هەمان دەنگی خەیاڵاوی دا:**

Dagen bakenom jordens rand

steg med et skjær av blod og brann

steg med en angst så åndeløs

at det var som om selve stjernene frøs!

ڕۆژێکی سەرووتر لە لێوارەی زەوی

بە تەڵەزمێکی خوێن و ئاگرەوە گوڵی کرد

بە دڵەڕاوکێوە هەناسکە بڕکیی بوو و هەنگاوی هەڵئەگرت

وەک ئەوەی ئەستێرەکان سەرما بردوونی

Jeg tenkte: Nu er det noe som hender.-

Vår tid er forbi – Europa brenner!

بیرم کردەوە: ئێستا شتێک دادەکەوێ.-

کاتی ئێمە دوایی هاتووە- ئەوروپا لە ئاگردایە!

## Notes

By Azad Karimi.

As I write this introduction, I am sitting in the oldest bar in Drammen, drinking tea while writing and typing.

The city is full of unpleasant memories of World War II, the occupation of Norway by Nazi Germany under Hitler, and the war of secession from Sweden.

Norway has a long history of subjugating. It was subjugated to Denmark for five hundred years, then declared independence and then declared union with Sweden, but eventually became involved and separated by war.

In many places I have seen inscriptions and signs with people's names, for example, one of them says that 68 people from this region were lined up and have been killed by Nazi soldiers.

Or even now, on the top of this mountain, that looks over the city of Drammen, and only 600 or 700 meters away from me there is a German cannon and people go there and take pictures next to it. This mountain is rocky and the Germans built a tunnel inside it during the Second World War.

There is no place in Norway where the Nazis have not built bases.

Let me be honest, there are still some families in towns and villages in Norway who bear the nickname of traitors. As we say, their grandfather became a Nazi man when the Nazis came here and helped the Gestapo. Do you know what we call such people?

Jash!

Jash is Karkurrg in Kurdish and Foal in English means donkey child and is beautiful as a gol(calf), a barkh(lamb), a pallakh(buffalo calf) and kochak(camel foal). But those who chose the name of jash for the traitorous Kurds meant that the traitor sold himself to the invaders like a donkey's son who followed his mother.

However, I mean, Europe has not been without war and chaos, but sometimes wars deepen in Europe... like World Wars I and II. The war in Europe also affected Japan, the United States, China and the Middle East. Therefore, according to the past, when the war in Europe escalates, it must be prevented from spreading.

The war between Ukraine and Russia has reached a new stage after two years and there is a danger that the war will spread to the Baltic States, Scandinavia and Poland and if that happens, God knows what will happen to us, because yesterday, for the second time in recent months, the Russian dictator threatened Europe with an atomic bomb. Putin has also been further angered by the membership of Sweden and Finland in Nato organization.

For several reasons, Vladimir Putin is angry because he did not think the Ukrainians would defend themselves so strongly and stop the Russian army. He also did not think Germany, Britain, the United States and France would enthusiastically support Ukraine.

China and Iran have come into play. They are sending military logistical aid, drones and missiles to Russia, which has put Putin in the dream to continue the war.

In fact, Vladimir Putin means nothing more than following his own "Pride Wind". Even the Russian people took to the streets during the Russian army's invasion of Ukraine, and I remember about 300,000 anti-war people taking to

the streets to express their grief about this new war and their sympathy with the Ukrainians.

Let me tell you frankly, the problem is Putin's arrogant personality. Patriotism is the duty of every president, but if you use force against your own people and the people of other countries, you obviously mean psychological and personal.

He has made a mad mullah in Iran a God over Iranian people. Recently, Iranian dictator Ali Khamenei came to the tribune and said that he was talking to Qassem Soleimani 20 years ago and suddenly something strange happened to him. He said: Suddenly I realized that I was moving my mouth and tongue and that God was speaking through me.

Mansour Halaj was killed in a very difficult and merciless manner for the crime of atheism and disbelief and claim to be God!

Those people are still addicted to such a person... So let me tell you why Ali Khamenei has become a god. It's because the Iranian intelligence agency put that in the mouth of the dictator... Be sure that this issue goes back to the security apparatus of the Iranian regime, which listens to the private conversations of some of their staunch opponents.

Probably, one of the opponents of the regime has said about the emergence of the Mashiakh in the last twenty years that this issue reached the dictator's ears through the eavesdropping and espionage of the regime's security apparatus and he hastened to reveal this matter as quickly as possible.

It was a grave mistake that Ali Khamenei, his son Mojtaba and their advisors made. Because this issue also knocked Ali Khamenei to the ground from a religious point of view.

Then!

I wrote all this to say that it all has to do with this poem that I have translated from Norwegian into Sorani Kurdish.

I posted this poem on my Facebook a few days ago. In fact, Mrs.Heidi, a young Norwegian poet, gave me this poem to read and get to know the poet.

When I read the poem, I was surprised, I remembered Federico García Lorca's Civil Guard poem... In this poem, Lorca predicts the arrival of fascism in Spain and expresses his fears about the arrival of Franco, fascism and the drowning of freedom in Spain.

At the same time, the famous Norwegian poet Arnolf Overland wrote this unique poem about Hitler's fascism and the invasion of Europe by Nazism. He shouted: Help Europe! Hitler will eliminate us all.

Unfortunately, no one heard Arnolf Overland's cry. We saw what Hitler and the Nazi army did to Europe between 1939 and 1945, and Norway was one of the countries that was attacked by Hitler. The Nazi army even began to run an atomic bomb project in northern Norway, but Norwegian peshmargas/partisans blew up the factory.

Just as Lorca and Overland shouted about the strengthening of fascism and racism in Spain and Germany, I have shouted about the strengthening of fascism in Russia under Vladimir Putin since.

Putin is indifferent to killing his opponents. Two months ago, he killed Alexei Navalny in prison.

Everyone knows that Navalny was killed by order of the Kremlin dictatorship. That comes from the Putin's fear. I have evidence that: they attacked Navalny's right-hand man Leonid Volkov with a knife in Vilnius yesterday, wounding him.

I clear again, reading this poem by Mr. Arnold Overland reminded me of Vladimir Putin.

It is very strange that Europe today is exactly like 1938 and The Ukraine-Russia war has been costly for Europe and the Middle East. Bread and wheat are especially expensive.

Europe has tried hard to quiet Putin, but the Kremlin dictatorship does not seem to want to give up its occupation and domination. I don't want to take the subject too far to Putin issue, but what was most interesting to me about this poem was the deadly and frightening atmosphere of it.

It seems to be about the current prisons in Iran... full of anxiety, hopelessness and deadly feelings.

In this poem, the man feels suspending himself between the earth and the sky... You say that you and fate are like two strong mountains deers that cannot be separated and must a wolf, a bear, a lion or a hyena come and eat one of you to apart each other.

And you should watch how he takes out its heart and intestines and eats them to make a scene that you are watching that with fear and happiness. And you count the moments until that predatory animal gets fed up with eating your enemy and leaves the scene. While your enemy's head is hanging on your horns, you run towards the mountain and try to hit your head on a rock or a tree to break your horn and let your enemy's head be separated from you.

But this is a very unpleasant experience.

When you look at the poem, you see that it has rhyme and the rhymes are very beautiful. This poem is very famous and has not been translated into Kurdish. I did this thing. I hope Kurdish writers will start translating other works of this gentleman.

I have decided to publish the English text of this poem, translated from Norwegian by a Norwegian writer named Lars-Toralf Storstrand, along with the introduction I wrote and translated into English.

Finally, I repeat what I said in an interview with veteran Norwegian journalist Johan Behrentz in April 2019 in Sunumørsposten: A pen is more dangerous than a weapon for the dictator.

A few days ago I posted a few lines of one of my poems on Facebook with two photos of a Ukrainian friend. After a couple of minutes, my Facebook was hacked by Russian cybercriminal army. The Facebook administration sent me a message saying that your Facebook account had been hacked and that we had to rebuild it.

Yes it is! When you are not shut up and you hitt the dictator so the dictator afraid and moves against you.

let him do it! We do our job... Man is born once and it is good to live bravely and die proudly... But the oppressor loses... This is an obvious truth!

14-March-2024

# Dare not to sleep




Arnulf and Margrete Øverland

Translated by Lars-Toralf Storstrand.

"Dare not to sleep" (Norwegian: "Du må ikke sove!") is a poem written by Arnulf Øverland. The poem was first published in the magazine Samtiden in 1936, and included in the poetry collection Den Røde Front from 1937.

I was awakened one morning, by the quaintest of dreams
‘twas like a voice, spoken to me
It sounded afar - like an underground stream,
I rose and said: Why do you call me?

Dare not to slumber! Dare not to sleep!
Dare not believe, it was merely a dream!
Yore I was judged.
The gallows were built in the court this evening,
They’ll come for me — 5’ in the morning

This dungeon is teeming,
And barracks stand dungeon by dungeon
we lie here, awaiting, in cold cells of stone,
We lie here, we rot, in these murky holes.

We know not ourselves, what does lie ahead
Who will be the next one they'll reach for.
We moan and we shriek: But do you take heed?
Is there none among you who’ll hearken?

No one can see us,

None know what befalls us.

Yet more:

None will believe - what the day will bring us!

And then You defy: This dare not be true!

That men can be utterly evil.

There has to be some one with merits pure

Oh, brother, you still have a great deal to learn

They said: You will give your life, if commanded

We've given it now, for naught it was handed

The world has forgotten, we've all been deceived

Dare not to sleep in this hour - this eve.

You oughtn't go to your business hence,

Or think: What's your loss – or what is your gain?

You oughtn't attribute your fields and your kine,

Nor say you've enough - with all that is thine.

You oughn't abide, sitting calm in your home

Saying: Dismal it is, poor they are, and alone

You cannot permit it! You dare not, at all.
Accepting that outrage on all else may fall!
I cry with the final gasps of my breath:
You dare not repose, nor stand and forget

Pardon them not - they know what they do!
They breathe on hate-glows, and evil pursue,
They fancy to slay, they revel with cries,
Their desire is to gloat, when our world is at fire!
In blood they are yearning to drown one and all!
Don't you believe it? You've heard the call!

You know how infants will soldiers remain,
While dashing through streets, fields, chanting 'bout pain
Aroused by their mothers' assurance of glory
They'll shelter their land - and they'll never worry

You know the fatality of the lies,
that glory and faith and honor abides
You discern the dauntless dreams of a child,
A saber, a banner, he'll flaunt them so wild,

And then they’ll leave home for a rainfall of steel,

‘Till last they hang ragged on barbed wire will,

Decaying for Hitler's Aryan call,

That is what a man’s for - after all…

I couldn’t imagine – too late now it is

My sentence is just: The verdict's no miss

I believed in prosperity, dreamt about peace

In labor and fellowship; love’s fragrant kiss

Yet those who don’t die on the battlefield,

Their heads for the axeman, will certainly yield

I cry in the gloom - if only you’d knew

There is but one thing - befitting to do

Defend yourself, while your hands are still yearning,

Protect your offspring - Europe is burning.

I shook from the chill. To dress, up I rose

Without stars were shining, so far, yet so close

‘twere simply a brilliant ray in the east,

Admonishing warning from the dream that just ceased

The day that soared up from earths furthermost strand

Augmenting with blood — and with firebrand

It grew with terror - like a breath that was lost

It seemed like the starlight - was slain by the frost.

I weighed: Something is imminent - and it's dire

Our era is over — Europe's on fire!

Arnulf Øverland, «Den Røde Front», Oslo 1937.

https://www.boktips.no/dikt/norske-dikt/du-maa-ikke-sove-av-arnulf-overland/